2006/02/21

# کاریکاتێرەکەی کوردستانی نوێ و ییلاند پۆستنی دانیمارکی!

م. جەهاد

ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی بە ناوی ییلاند پۆستن، لەکۆتایی مانگی نۆی ٢٠٠٥، جەند کاریکاتیێریکیان لەسەر پێغەمبەری ئیسلام بڵاوکردەوە کە پاش نزیکەی چوارمانگ، دەنگی نارەزایی موسڵمانان بەرزبووە لەدژی ئەو کاریکارتێرانە. گوایە ڕۆژنامەکە سوکایەتی بە پێغەمبەری ئیسلام و موسڵمانان کردووە. ڕۆژنامەیەکی بچووکی ناوچەیەکی بچووک لە دانیمارک، ئێستا لە هەموو جیهاندا ناسراوە.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٨٩٣) لە ڕۆژی هەینی، ١٠ فیبرایەری ٢٠٠٦، لاپەڕەی پێنج، کاریکاتێریکی بڵاوکردەوە، کوردانی دانیشتووی ئەوروپا وەك قاپشۆر ڕووزەردیان دەکات. ڕەنگە ئەمە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونی کارمەندانی بەرپرسی ڕۆژنامەکە و هەندێ خەڵکی دیکەش بێت. بەڵام بەلای منەوە جۆرە سووکایەتییەك تێیدا دەبینرێت، بە هەموو ئەو کوردانە تاڕاوگە کە گەڕاونەتەوە یان لە داهاتوودا بەتەمابن بگەڕێنەوە  بۆ کوردستان. ئەو کەسانەی لە پشت ئەم کاریکاتێرەوەن، پێیان وایە ئەو کوردانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، هەموو قاپشۆرن، کە ئیشیکی زۆر خراپ و نزمە، دەشگەڕێنەوە دەبنە مەدیرعام. کە شایستەی ئەوان نییە. جەنابیشیان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی، دارایی و زانستییێکی زۆر بەرز دان و غەدرێ گەورەیان لێکراوە، قاپشۆرییان نەکردوە و نەشکراونەتە مدیرعام.

لێرەدا بەدڵنیاییەوە دەڵێم، قاپشۆردن بەهیچ شێوەیەك عەیبە و شەرمەزاری نییە، ئیشێکە وەکو هەموو ئیشەکانی دیکە. ئەو کەسانەی لەدەرەوەی وڵات دەژین، هەموویان قاپشۆر نیین. وەکو ئەوەی لە کوردستان هەموو مدیرعام نیین. ئەوە تەنها چەند ساڵێك تێپەریوە بەسەر ئەوەی کە زۆر لەو خەڵکەی کە ئێستا لەخۆبایی بوونە، چاوەڕێی سەورزەگەڵا بوون لە ئەوروپاوە بۆیان بێ،  ئەوساکە، ئەوەی بەبیریاندا نەدەهات، سەرچاوەی پارەکە بوو و چۆن پەیدا دەکرا لە ئەوروپا. لێرەدا نامەوێ باس لە سەختی ژیانی ئەوساکەی کوردستان بکەم، لەهەمان کاتدا بە پێویستی نازانم، باس  لە سەختی و شێوەی ژیانی ئەوروپا بکەم بەقەد ئەوەی دەمەوێ باسەکەم ئاراستەی کوردستانی نوێ و بیری بۆگەنی ئەو کەسانەی کە میدیاکانی بەناو ئازاد و لەژێر ناوی ئازادی ڕادەربڕین، زماندێژی و هێرشی هەمەگیری دەکەنە سەر کوردانی تاراوگە. ئەو کەسانەی وەك پاراسیت خۆیان خزاندۆتە ناو هەموو دەستگاکانی یەکێتی، تەنها بۆ قازانجی شەخسی خۆیان نەبێت، هیچ خیروبەرەکەتێکیان بۆ کەس نییە. شێوەی بیرکردنەوەی ئەوە جۆرە کەسانە، هەر جارێك بە شێوەیەك دەردەکەوێت لە  میدیاکانی ڕاگەیاندن، رووزەردکردنی کوردانی تاراوگەش مەبەستیانە. لەهەمەش سەیرتر کە ڕێگەیان پێدەدرێت و هیچ سانسۆریك لەسەر بابەتەکانیان نییە. ڕەنگە کارمەندانی بەرپرسی ڕۆژنامەکە، هەر ئاگاشیان لێی نەبووبێت لەم حالەتەدا، کوردستانی نوێ، زۆر جار هەڵەی گەورەی وا دەکات کە جێگەی سەرسوورمانە، هەندی جاریش، لە ژمارەکانی دواتردا، داوای لێبوردن دەکات کە هەواڵەکە ساختە و هەڵە بووە، زۆر جاریش خۆیان گێل دەکەن، بە شێوەیەك کە هیچ روو نەدابێت. ئەگینا چۆن دەبوو، بابەتی وا بڵاوبکەنەوە کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دابەشکردن و جیاوازی کردن لەنێوان خەڵك، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانی. جۆن ڕێگا بە خۆیان دەدەن کە هەست بەوە نەکەن، بە ئیشێکی وا هەستی خەڵك بڕیندار دەکەن. ڕەنگە بە خەیاڵی خاویان کار دەکەنە سەر بیروڕای خەڵك کە کوردستان بەجی نەهێڵن و ڕوو لەهەندەران نەکەن، بەڵام پاش چی.

کاریکاتێرکێشەکەی کە پێدەچێ ناوی هۆگر بێت، ئاستی خوێندنی ئەوەندە نزمە کە نەیتوانیوە ناوی خۆی بە دروستی بنووسێت. هۆگر بە ئینگلیزی  دەنووسرێت (Hoger)، بە کوردی لاتینییش دەبێتە (Hogir).  لە نێوان پیتی (گ) و (ر) دا وەکو (کەسرەی) زمانی عەرەبی تێدایە، تەنها لە نووسینی کوردی سۆرانیدا نانووسرێت. سەرجەم، کاکە هۆگر توانای نووسینی ناوی خۆی نییە و نووسیویەتی (Hogr). شێوەی نووسینی تەعلیقەکەی کە بە (الو) دەست پێی دەکات، بۆ خوێنەر بەجی دەهێڵم کە جۆن کوردییەك نووسراوە. ئەوەیە نەگبەتی میللەتی کورد، نەخوێندەوارێك وەك کاکە هۆگر، ڕەنگە کارمەندێکی کوردستانی نوێ بێت، بۆیە کاریکاتیرەکەی بەبێ جاودێری دەگاتە چاپ و بڵاوکردنەوەی.

نازانم چۆن، کوردستانی نوێ کە ڕۆژنامەی مەکەزی و زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ڕێگا بە خۆیان و بەو جۆرە کەسانە دەدەن کە بابەتی بەناو کاریکاتێرانەی لەو شێوەیە بڵاوبکەنەوە. وا پێدەچێت کە ئەمانیش بەتەمای ناوبانگ دەرکردن بن، وەك ڕۆژنامەی ییلاند پۆستنی دانیمارکی، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە کە ترسی ئەوەیان نەبێت، خوێنیان حەڵاڵ بکرێت. کوردستانی نوێ لە بەشی خوارەوەی دوالاپەرەکەیاندا نووسیویانە «جگە لە سەروتار، هەموو ئەو نووسینانەی بڵاو دەکرێنەوە، بیرو بۆچوونی خاوەنەکانیان دەردەبڕن و کوردستانی نوێ لێیان بەرپرسیار نییە». بەڵام هەمووومان باش دەزانین کە ئەمە دوورە لە ڕاستی. چونکە بەرپرسانی کوردستانی نوێ رازی نابن هیچ شتێك بڵاوبکەنەوە کە بەدڵی خۆیان و لەگەل بیروبۆچوون و ڕێبازی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانییدا نەگۆنجێت، ئەمەش پێم وایە، مافی ڕەوای خۆیانە. چونکە ڕۆژنامەیەك لە قەبارەی کوردستانی نوێ، دەبوایە هەردەم لە هەوڵدا بێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد بەگشتی و لایەنگران و ئەندامانی ڕێکخستنەکەیان و یەکخستنی ریزی کۆمەڵانی خەڵك بە تایبەتی، نەك جیاوازی خستنە نێوانیانەوە کە ئەمەش لەگەڵ ناوی یەکێتیدا ناگۆنجێت، نەك لەگەڵ ڕێبازی سیاسەتەکەیدا.

وشەی کاریکاتێر کە بە بنچەك دەگەڕێتەوە بۆ لاتینی، لە زمانی فەرەنسی، ئیتالیاییش، مانای زلکردنەوە (مبالغة)، بەدەستەوە دەدات کە زۆر جار پێویستی بە نووسین و ڕونکردنەوە ناکات. بۆیە لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهاندا، کاریکاتێر بڵاو دەکەنەوە بۆ زەقکردنەوەی ڕوداوێکی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەرشتێك پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە بێت. دەبێ کوردستانی نوێ بۆ چ مەبەستێك، ئەم کاریاکتێرەی بڵاوکردەوە، لە کاتێکدا کە خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دامەزێنراوە، لە لایەن کەسانێکەوە کە لە دەرەوەی وڵات دەژیان. ئایا بوون بە مدیرعام زۆرە یان بوون بە ڕابەری ڕێکخراوێك و میللەتێك. ئەگەر خۆمان گێل نەکەین، هەمووومان باش دەزانین کە زۆربەی سەرانی یەکێتی نیشتمانی لە دەرەوەی وڵات و ئەوروپا ژیاون و ئیشی جۆراوجۆری لەو بابەتەیان کردووە. ئایا کاریکاتێرەکەی کوردستانی نوێ، ئەوانیش دەگرێتەوە یان نەخێر؟

2006/02/21

مام جەلال لەدەرەوەی وڵات ژیاوە. هەروەها خاوەن ئیمتیازی کوردستانی نوێ کە د. فۆئاد مەعسوم ە سالانێکی دوورو درێژ لە دەرەوەی وڵات بووە. ڕەنگبێ کاک نەوشیروان مستەفا، ئازاترین کەسیان بێت کە لە کتێبێکیدا نووسیویەتی، چۆن ماوەیەک لای کابرایەکی ئاژەڵ بەخێوکەر لە گەورگەیەک ئیشی کردووە. ئایا ئەمە گەورەیی نییە بۆی، ئەمان بەئەزمون، تێگەیشتوو و خەباتگێرترن، یان ئەوانەی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە دایک دەبن. ئەگەر بمەوەێ لیستی ناوی هەموو کادرانی پێشکەوتوو، ئەندامانی سەرکەدایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتیی بنووسم، ئیشیان چی بووە لە ئەروپا و لە کوێ کاریان کردووە، ڕەنگە لێرەدا جێگەی نەبێتەوە. بەڵام بەدڵنییاییەوە دەڵێم کە کەسیان نە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حیزبەکانی ئەوروپا بوون، نە وەزیر و مدیرعام. کەچی وا لەکوردستان، ڕابەرایەتی ڕێکخراوێک لە قەبارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەن.

شێوەی نووسینی بەشێکی هەواڵ و بابەتەکانی کوردستانی نوێ، زۆر لە شێوەی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکانی زەمانی بەعس دەچێت. بەبی گوێدان بە ڕاستی و دروستی هەواڵەکان، شێوەی دیاریکراوی خۆیان هەیە و پێویست ناکات پێیدا بچنەوە. دوو هەواڵی کوردستانی نوێ کە قەت لە بیرم ناچنەوە وەک نموونە دێنمەوە، بەڵام بەداخەوە ژمارە و ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەم کاتەدا لەبەر دەستم نییا، ئەگەر یەکێک کاتی هەبێت دەتوانێ لە ئەرشیفی کوردستانی نوێ، دەستی بکەوێت.
هەواڵی یەکەمیان، ئەوە بوو کە پێش چەند ساڵێک، مام جەلال لە ڕێگەی ئێرانەوە بەتەمای سەفەری وڵاتی میسر بو. هێشتا لە ئێران بوو، کوردستانی نوێ هەواڵی گەیشتنی بۆ میسر بڵاوکردەوە، باس لە سەفەرە سەرکەوتووەکەی مام جەلال و دانیشتنەکانی لەگەڵ حسنی مبارەک و گەورەپیاوانی ئەو وڵاتەی دەکرد، ڕۆژی پاشتر، هەواڵێکی دیکەیان بڵاوکردەوە و داوای لێبووردنیان کرد کە مام جەلال هیشتا لە تارانە و سەفەری نەکردووە. ئا ئەمەیە ڕۆژنامەگەری و فۆرمی دارێژراوی شێوەی نووسینیان، لەپێشوەختدا، ڕووداوەکانی داهاتوو دەزانن و چۆنی دەنووسن.
خەبەری دووومیشیان، جارێکیان نووسیبویان کە ئەوان یەکەم ڕۆژنامەن لە حساباتی دارایی کتێبخانەی کوردی وڵاتی سوید دەکۆڵنەوە، چونکە دەعوای پۆلیسی لەسەر بوو گوایە دزی تێیداکراوە. بۆیە ئەمانیش بە ئەرکێکی خۆیان دەیانزانی، ئەو هەموو دزییەی شاری سلێمانی بەجێ بهێڵن و روو لە سوید بکەن، بۆ ئەوەی دزێک بەگرت بدەن، ڕێی تێدەچێ ڕەنگە لەم ڕووانگەوە، خۆیان گێل دەکەن، لە ئاستی گەندەڵانی کوردستان و چالاکیەکانیان ئاراستەی هەندەران دەکەن.

هەمووومان باش دەزانین کە ژمارەیەکی زۆری ئەو کوردانەی کە ئەمڕۆ لە ئەوروپا دەژین، پێشمەرگەی زەمانی شاخ و ڕۆژانی خەبات سەخت بوونە. ئێستاش ڕەنگە هەر ژمارەیەک لەوان گەڕابێتەوە یان بگەڕێنەوە. ئەگەر جاشقەڵەم و کۆنە بەعسی بهێڵن.
تاکە شانازییەک، یەکێتیی نیشتمانی بە بێ شک کە خۆی پێوە پادەدات سەروەریەکانی خەباتی شاخە نەک دەستکەوتەکانی شار، بێگومان ئەگەر ئەو شیوە خەباتەی شاخ نەبوایە، ئەم دەستکەوتانەی شاریش نەدەبوو. تابلۆی «هذا من فضل ربي»ش لە سەر دەرگای باڵاخانەکانی سلێمانیش نەدەبوو، کە لە لایەن وێژەر و بەرپرسی میدیاکانی کوردستانەوە دروستکراون.

کاریکاتێرەکەی کوردستانی نوێ

